**ئێوارەی 25-11-2004 ڕۆژی جیهانی دژ بە زەبرو زەنگ لە دژی ژنان , لە سەر ئاستی ئەڵمانیا ئاکسیۆنێک بەرێدەکرێ , لە ژێر ناوی ( ڕۆشناییەک بۆ هەر ژنێک).**
**ئێمە وەک" دەنگەکان" پێمان باش بوو لە وبارەیەوە , کە کێشەی ژنانە چەند پرسیارێک ئاراستەی چەند نوسەرێکی ژن و بەرگری کەرانی مافی ژنان بکەین .**

**1- ئایا دەسەڵاتی دیموکراتی دەتوانێ کۆتایی بە کێشەی چەوسانەوەی ژنان بهێنێ؟**
**2- چ ئەڵتەرناتیڤێکی واقیعی هەیە بۆ گەیشتن بە رزگاری ژنان؟**
**3- کێشەی چەوسانەوەی ژنان ناوچەییە یان جیهانی، یان کەلتور و ئاین لە ئاستیدا بەرپرسیارە،یا هەموویان؟**

لە وڵامی پرسیاری یەکەم: کێشەی ژن کێشەیەکی ریشەیی و بناغەدارە و لە سەرانسەری مێژووی 6000 ساڵەی پیاوسالاریدا دەبیندرێ. دیـموکراسی دەتوانێ یەکێك لە فاکتەرەکانی چارەسەری کێشەی ژن بێ نەك هەمووی. دیارە ناسینی ژن وەك مرۆڤێکی خاوەن ماف و ئەوەی کە ژن بتوانێ خۆی خاوەن بریاری خۆی بێت و مافـی هەڵبژاردن و خۆپالاوتنی بێت زۆر گرنگە. بەرقەراری سیستەمی دەسەڵاتی دیـموکراتیك و ئازادی بۆ تاکەکان و رێزی تاك هاوکات لەگەڵ پشتیوانی پتەوی یاسایی لە ژنان و رەخساندنی دەرفەتگەلی بەرابەر لەگەڵ پیاواندا و دەرفەتی فێرکاری و پاراستنی ژنان لە توندوتیژی و چاکسازی قانوون بە بەرژەوەندی ژنان دەتوانێ لە چاك بوونی بارودۆخی ژیانی ژندا رۆڵێکی هەرە گرنگی بێت، بەڵام لە وڵاتگەلی دیـموکراتیکیشدا هەر توندوتیژی دژ بە ژنان بەردەوامە. بۆ نـموونە لە وڵاتگەلی ئەورووپی وەك سوید و فینلەند و... هتد هێشتا ژنان بە دەست زەبروزەنگەوە دەناڵن. کەواتە تەنیا دیـموکراسی نەیتوانیوە چارەسەری هەموو کێشەکانی ژنان بێت، هەر چەند کە توانیویەتی یارمەتیەکی زۆریان بدات. چۆنیەتی دیـموکراسیش گرنگە. تورکیاش ئیدیعای دیـموکراسی دەکات، بەڵام ئازاری ژنان بە تایبەت ژنانی کورد و دەست درێژی لەسەر ژنان و ئەشکەنـجە و... هتد هەر بەردەوامە. لەوانەیە بە لاتان سەیر و سەمەرە بێت بەڵام ئێرانیش ئیدیعای دیـموکراسی (بە شێوەی خۆی) دەکات!! پێدەچێ وشەی دیـموکراسیش جارجار دەبێتە گاڵتە بازاڕی دەسەڵاتداران.

2- سەبارەت بە ئەلتەرناتیڤی واقیعی بۆ گەیشتـن بە رزگاری ژنان دەبێ بڵێم پرسیارێکی دژوارە. ئێمە دەبینیـن بزاڤی چەپ و کۆمۆنیستیش کە ئیدیعای زۆری بۆ رزگاری ژنان بوو دیسان بە تەواوی نەیتوانی وڵامدەری هەموو کێشە و گرفتەکانی ژنان بێ. ئەو نـموونانەی تا ئێستا لە جیهاندا هەوڵیان داوە بۆ چارەسەری کێشەی ژنان وەك سیستەمگەلی لیبـرال دیـموکراسی، سۆسیال دیـموکراسی و... هتد هەرکامی خاوەنی گرفتی خۆیەتی و لە هەمان کاتدا خاڵگەلی پۆزەتیڤیشی بووە. ئەو یۆتوپیایەی کە لەودا ژنان بە راستی وەك مرۆڤـ دەناسرێن و لە هەموو مافگەلی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بەهرەیان هەیە و توندوتیژییان لەسەر ناکرێ و تووشی سەرکوت و هەڵاواردن نابن و وەك پیاو لە دەسەڵاتدا بەشدارن، هێشتا بەدی نەهاتووە. تا ئێستاش نە ئیسلام و نە کۆمۆنیزم و نە لیبـرالیزم و... هتد کە هەر کامیان بە جۆرێك ئیدیعای رزگاری ژنیان کردووە ئەو یۆتوپیایەیان بەدی نەهێناوە. خوێنەری هێژا لەوانەیە لە ناوی ئیسلام سەری سوور بـمێنێ. مەبەستم لە هێنانە گۆڕی ناوی ئیسلامیش بۆوەیە کە بە هەرحاڵ لە کاتی خۆیدا

پرۆپاگەندەی زۆری کردووە کە های من ژنـم لە زیندووبەچاڵی رزگار کردووە و دەستوورەکانـم بۆ رزگاری ژنانە و... هتد. ئێمەی ژنانی دانیشتووی ئێران تەنانەت تا ئیمڕۆش کە سەدەی بیستویەکەمە لە منەتی ئەو زیندووبەچاڵی نەبوونە هەر رزگارمان نەبووە!

ئەوەی تەجرەبە و ئەزموون دەری خستووە، وڵاتگەلی سۆسیال دیـمرکرات لە چاککردنی بارودۆخی ژناندا سەرکەوتووتر بوون، هەرچەند دەبێ هەوڵگەلی لیبـرال فمێنیستەکان بۆ سەلـماندنی کۆنڤانسیۆنی لابردنی هەڵاواردن دژ بە ژنان و چاکسازی یاساکان بە بەرژەوەندی ژنانـمان لەبەر چاو بێ. بە من بوایە تێکەڵاوێك لە خاڵە سەرکەوتووەکانی هەر دوو سیستەمەکەم هەڵدەبژارد.

3- کێشەی ژنان جیهانیە. هەموو ناوچەکان و کولتوورەکان و ئایینەکان دەگرێتەوە، بەڵام کەم و زۆری هەیە. بڕێك کێشەی ناوچەیی هەن کە لە شوێنێکدا هەیە و لە شوێنێکیتر نیە یان کەمڕەنگتـرە. بۆ نـموونە هەڵاواردنی نەتەوەیی کە لەسەر ژنی کورد دەکرێ لە ئێران، کێشەی ژنی یەزدی و کرمانی نیە، لە هەمان کاتدا ژنی کورد و یەزدی و کرمانی و... هتد بە دەست مێردەکانیانەوە لێیان دەدرێ. بڕێك تایبەتـمەندی کولتووریش لە ناوچەیەکدا دەتوانێ هۆکاری زەبروزەنگی زۆرتر بێ لەسەر ژنانی ئەو ناوچە یا خود ئازادی زیاتریان لە چاو ناوچەیەکیتر. من ئەو وتەی پۆست فمێنیستەکانـم قەبووڵە کە دەڵێن رەنگی پێست و رەگەز و نەتەوە و... هتد لە کێشەی ژندا کاریگەرە و لەسەر ئەو باوەڕەم کە هاوکات لەگەڵ هەوڵ بۆ لابردن و چارەسەری ئەو کێشانەی کە لە هەموو ژنانی دنیادا هاوبەشە (وەك توندوتیژی) دەبێ هەوڵ بۆ چارەسەری کێشەگەلی تایبەتی هەر ناوچەش بدرێ. لە واقیعدا خوێندنەوەیکمان لەسەر فمێنیزم بێت و لەگەڵ دۆخی خۆشـمان هەڵی سیەنگێنین و رەوتێك بۆ رزگاری هەڵبژێرین کە وڵامدەری کێشەکانـمان بە پێی هەلومەرجی تایبەتی خۆمانەوە بێت. بە تایبەت ئێمەی کورد لە بیـرمان نەچێ کە کێشەی ژن بوونـمان نەخەینەوە دوای کێشەی نەتەوەیی. ئەم دوو کێشە هاوتان.

**روئیا تلوعی**

سنە پاییزی 2004